# ئەم وێنەیە تەنیا وێنە نییە!

## دانی گەرمیانی




ئەم وێنەیە تەنها وێنە نیە بەڵکو دەیهێنێتەوە یادمان دەیان ماڵ وێرانی و دەربەدەری و بەسەرهاتی ئەم گەلە...

من هەر وەکو هەمو کوردانی تر سەرم بەم نمچە ئازادیە بەرزەو دڵخۆشم بەم ئاوەدانیەی لە هەرێمە خنجیلانەکەمان دەیبینین ئەمڕۆ ) ٢٠١٤ (بەڵام پێشتر ئەوەم وتووە ) میلەتێک ڕابردوی خۆی لە یاد بکات پاشەڕۆژی نادیارە (ئەم بەسەرهاتەی کە لە وێنەکەدا دەیبینن لە مێژودی کورد دەیان جار ڕۆیداوە، تەنانەت ئاوەدانیش دەیان جار ڕویداوە، گرینگ ئەوە نیە کە ئەمڕۆ کورد سەرقاڵی ئاوەدانیە، گرینگ ئەوەیە کورد ، باسی هەر تاکە کوردێک ئەکەم، دەبێت سەرقاڵی دامەزراندنی پاشەڕۆژێکی پتەو بێت کە چەپۆکی دوژمن پێی نەگات .گەورەترین هێز و ئاوەدانکردنەوە بۆ گەلێت تەنها گۆڕینی بیرو باوڕە .ئەگەر بیرو باوڕمان یەک بخەینەوە ئازادیش بەرەو ڕوماندێت و ئاوەدانیش زۆ ڕودەدات.

لە سەردەمی باپیرانمانەوە هەر گۆێمان لێ بووە کە کورد چوار دوژمی هەیەو کوردی چل ملیۆنی تەنهایە بۆیە نەبووە بە وڵات .بەڵام ئیسرائیل هەمو دەوڵەتی عەرەبی و ئەڵمانیاش و دەیان میلەتان خۆیان بە دوژمنی ئیسرائیل دەدەنێن و ئیسلائیل تەنها چوار ملیۆن ئیسرائیلی جولەکە لە وڵاتەکەیان دەژێن دەوڵەتن .هۆیەکەی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ یەک گرتن و متمانە بە یەک کردن و نیشتیمانیان لە بەردەم هەمو خواستە تایبەتێکانی خۆیان داناوە یەک جولەکە ناگۆرنەوە بە سەت بێگانە و تاکە وڵاتی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستن .لە یەکدانەوەکان دەڵێت تاک و یەک وڵاتی ئیسلامی سەرۆکێک دەگۆڕێت جولەکە ١٢ سەرۆکی گۆڕیوە، بەم جۆرە ڕێز لە بۆچونەکانی گەلەکەیان دەگرن و هەر سەرکردەیێک بێتەو سەر کار پاک بیرو باوڕە لە گەڵ جولەکەکانی تر .

بێ گومان جولەکەش چاوساندنەوەی بە دەستی عەوەبەوە بینیوە بەڵام ئەوان بڕیاریان دا نە باوڕ بە عەرەب بکەن نە پەیوەندیان لە گەڵ عەوەب دەوێت .

بەڵام جیاوازی کورد ئەوەیە کە دوای هەمو ئەشکەنجەو ئازار و لێدان کاتێک هەڵدەستینەوە سەر پێ بیرمان دەچێتەوە و دیسانەوە دەڵێین عەرەبی برامان .

جا لێرەدا دەمەوێت ئەوە بە ئاشکرا بڵێم ئەگەر کورد زو بە زو بیرو باوڕ نەگۆڕێت ، گەنج و لاوەکان بیرنەکەنەوە لە نیشتیمان نەبن بە پەرژین لە سنورەکان و یەک گرتن دروست نەکات براو خوشکان شان بە شانی یەک نیشتیمان لە ناو دڵ نەنێن .بێ گومان ئەم وێنەیە و خراپتریش دوبارە دەبێتەوە و هەمو کورد بەژدار دەبێت و ڕۆژگار سزامان دەدات دیسانەوە .کاتێک میلەتێک توشی چەوساندنەوەییێک دەبێت هەمو گەلەکەی دەگرێتەوە . پەشیمانی دادمان نادات .

کاتێک کە دوژمنیش بێت لێت ناپرسێت تۆ ئیسلامیت یان مسیح یان جولەکە ئێزیدی یان زەردەشتی، بۆ دوژمن گرینگ ئەوەیە کە تۆ کوردیت سەرت دەبات ناموس و شەرەف دەبات .ئەو کەسە بە شەرەفە و بە ناموسە کە شان بە شانی برایانی هاو نیشتیمان بجەنگێت بۆ ژیانی گەلەکەی و پاراستنی ماڵی گەورەی هەمووومان (کوردستان).